South East London
Integrated Care System

NHS
South East London

# لە باشووری لەندەن، تووشبووانی نەخۆشی سورێژە لە هەڵکشاندایە

## لە ئێستا و بۆ داهاتوو منداڵەکەت لە نەخۆشی سورێژە بپارێزە



سکانم بکە


زیاتر بدۆزەرەوە لە

www.nhs.uk/measles

# سورێژە بە ئاسانی بڵاودەبێتەوە. ڤاکسینی MMR (سورێژە، کۆکە و ڕوبێلا) باشترین پارێزگاری پێشکەش دەکات.

## نیشانەکانی سورێژە

سورێژە بەزۆری بە نیشانەکانی هاوشێوەی سەرمابوون دەستپێدەکات و دواتر پەڵە دروستدەبێت. هەروەها ڕەنگە هەندێك كەس پەڵەی بچووك لە دەمیاندا دروستبێت. هەندێك جار دەتوانێت ببێتە هۆی نەخۆشی ترسناك وەك كوێربوون، هەوكردنی سییەكان، هەوكردنی پەردەی مێشك و بۆگەنبوون- كە دەبێتە هۆی مەترسییەكی ڕاستەقینە بۆ سەر ژیان.



پەڵەی سورێژە دەکرێ چۆن بێت

لە ڕێگای ئەم لینکە **www.nhs.uk/measles** ، زانیاریی زیاتر بەدەستبێنە دەربارەی نیشانەکان و چی بکەیت ئەگەر پێتوایە تۆ یان منداڵەکەت تووشی سورێژە بوویت

## کەی پێویستە منداڵەکەم بوکتم؟

ڤاکسینی MMR بەشێکە لە بەرنامەی کوتانی ڕۆتینی منداڵانی NHS - کە ژەمی یەکەم لە تەمەنی یەکساڵیدا پێشکەشدەکرێت و ژەمی دووەمیش لە 18 مانگیدا.

دوو ژەمی ڤاکسینی MMR پێویستە بۆ پاراستنی تەواو. هەرگیز درەنگ نییە بۆ گەیشتن بە ژەمە لەدەستچووەکان.

## ئایا ڤاکسینی MMR سەلامەتە؟

ڤاکسینی MMR سەلامەتە و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەکاردەهێنرێت.

هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ڤاکسینی MMR و ئۆتیزمدا نییە. زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان ئەمەیان دەرخستووە.

## ئایا ڤاکسینی MMR هیچ کاریگەرییەکی لاوەکی هەیە؟

وەك هەموو دەرمانەکانی تر، ڤاکسینی MMR دەکرێ هەندێك کاریگەریی لاوەکی دروستبکات. زۆربەی کاریگەرییە لاوەکییەکان سووکن، وەك هەستکردن بە ئازاری قۆڵی دەرزی لێدراو یان منداڵەکەت کەمێك هەست بە ناخۆشی دەکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ چەند ڕۆژێك.

بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە کوتان زۆر لە نەکوتان سەلامەتترە.

## ئایا ڤاکسینی MMR جیلاتینی تێدایە (لە بەرازەوە)؟

لە بەریتانیا دوو ڤاکسینی MMRمان هەیە کە زۆر باش کاردەکەن. یەکێکیان جەلاتینی بەراز لەخۆدەگرێت و ئەوی تریان تێیدا نییە. ئەگەر حەزت لە ڤاکسینەبێجێلاتینەکەیە، تکایە کاتێك چاوپێکەوتنت لەگەڵ پزیشکی گشتی هەیە پێیبڵێ.

## لە کوێ دەتوانم ڤاکسین بۆ خۆم یان منداڵەکەم دەستبکەوێت؟

بۆ حجزکردنی چاوپێکەوتن پەیوەندی بە پزیشکی گشتیەوە بکە. هەروەها کلینیکمان هەیە لە:

